**ئه نجومه‌نی دادوەری**
**ژماره** 58 **له** 2013/8/27

**بــڕیــار**

**پشت به حوكمی مادده (4) له یاسای بەرپرسیار نەبوونی بەشداربووی بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلی كوردستان – عێراق له ڕووی سزایی و شارستانی ژماره (13)ی ساڵی 2013 ، ئەنجومەنی دادوەری بڕیاریدا به كۆی دەنگ به دەركردنی ئەو ڕێنماییەی خوارەوە :-**

**ڕێنمایی ئاسانكاری جێ به جێ كردنی یاسای ژماره** ( 13 )**ی ساڵی** 2013 .

**مادده** / 1

**له كاتی پێشكەش كردنی سكالاّ بۆ دادگای لێكۆلینەوه لەسەر ئەو كەسەی كارێكی پێچەوانەی یاسای ئەنجام دابێت یاخود داوای تۆمار كردبێت له دادگای شارستانی له ئەنجامی توندوتیژی شۆرشگێرانەی بزوتنەوەی رزگاری خوازی كوردستان یان به هۆیەوه دژ به رژێمه یەك له دوای یەكەكانی عێراق یان ئەوانەی هاوكار بوو بوون له گەلیدا له پێناو بەرگریكردن لەگەل و خاكی كوردستان له 1961/9/11 تاكو 1992/7/4 پێویسته پێش وەرگرتنی ڕێكارەكانی یاسایی دادگا پرسیار له وەزارەتی كاروباری پێشمەرگه بكات بۆ روون كردنەوه كه ئایا كێشەكه گونجاوه لەگەڵ حوكمی مادده (1) له یاسای ئاماژه پێ كراو یان نا .**

**مادده** / 2

**پاش هاتنی وەلاّمی وەزارەتی ئاماژه پێ كراو كه ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی لەسەر كرابێت دادگا بڕیاری گونجاو دەردەكات له كێشەكه یان داوایەكه بەپێ ی یاسا بۆ هەردوو لایەنی داوا هەیه تانەی یاسایی له بڕیارەكه بدەن به پێ ی یاسای بنەماكانی دادگەری سزایی ژماره (23)ی ساڵی 1971ی هەمواركراو سەبارەت به داوایەكانی سزایی وه بەپێ ی یاسا دادگەری شارستانی ژماره (83)ی ساڵی 1969 تایبەت به داواكانی شارستانی .**

**مادده** / 3

**ئەم ڕێنماییه جێ به جێ دەكرێت له ڕێكەوتی 2013/7/9 وه .**

**مادده** / 4

**ئەم ڕێنماییه بلاّودەكرێتەوه له رۆژنامەی (وقائعی كوردستان) .**

**أحمد عبدالله زبير**